www.kurdistannet.org
26/06/2002 00:38

# له بارەی وەرگێڕانی کتێبی
# ئیدۆلۆژی ئەلمانی (بەشی یەکەم) بۆ زمانی کوردی

سەلام عەبدوڵڵا

پێشەکی رێز و حورمەتم هەیە بۆ ماندوو بوونی کاك سەلام مارف کە کاتێکی ئێجگار بەنرخی تەرخانت کردووە بۆ وەرگێڕانی (ئیدۆلۆژی ئەلمانی. . .) کە دەکاتە بەرگی سێهەمی مارکس و ئەنگلس.

پێشەکییەکەی بەرێزیانم خوێندەوەو بۆم دەرکەوت کە لە وەرگێڕانە فارسییەکەیەوە بۆ کوردی وەریانگێڕاوە، بۆیە هەر نوقسانییەك لە وەرگێڕانەکە پێش هاتبێ، رەنگە زیاتر پەیوەندی بە دەقە فارسییەکەوە هەبێ، بۆیەش وا دەڵێم چونکە وەك کاك سەلام نووسیویەتی (. . . ئەم کارە بەبێ هاوکاری چەند هاوڕێیەك مومکین نەدەبوو. . .) . هەروا دەبێ ئەوەش بڵێم کە هەڵەکان بە نیازی خراپ ئەنجام نەدراون و ئاشکرایشە هەموومان هەڵە دەکەین، خۆیشم لە پێشی پێشەوە. پیشاندانی ئەم هەڵانە تەنها لەبەر ئەوەیە، کاك سەلام هەوڵ بدا بۆ وەرگێڕانی بەشەکانی تری کتێبەکە، پەیوەندی بە هاوڕێیەك بکات، زاڵ بێت بە سەر زمانی ئەلمانی یا ئەنگلیزی، بۆ ئەوەی لە گەڵ دەقە ئەلمانی یا ئەنگلیزییەکە بەراورد بکرێت و تا دەکرێت بە کەمترین هەڵە بڵاوبکریتەوە بنێردرێت. پێشنیاریش دەکەم تەنها لە گەڵ دەقە ئەلمانییەکەی بنکەی چاپەمەنی ( DIETZ VERLAG BERLIN) بەراورد بکرێت.

منیش، تەنها لە بەر فشاری کات، تەنها لاپەڕەی١٣-١٦ (لێرە تەنها بە لاپەڕەی ١٣و١٤بەس دەکەم) لە گەڵ دەقە ئەڵمانییەکە بەراورد کردو ئەم چەند تێبینییە دەنێمە بەرد دەستان:

١/ لاپەڕەی١٣: ( Der **Verwesungsprozess** des Hegelischen System, der mit Strauss began...) . ئەم دێرە بەم شێوەیە وەرگێڕدراوە. . . پەرتەوازبوونی سیستێمی هیگلی، کە بە شتراوس دەستی پێکرد. . .) .

راستییەکەی وایە: : پرۆسەی بۆگەن بوونی سیستێمی هیگلی، کە لە گەل شتراوس دەستی پێکرد. . .

٢/ In dem allgemeinen Chaos haben sich gewaltige Reiche gebildet, um alsbald wieder unterzugehen...

بەم شێوەیە وەرگێڕاوە: (لەم شەڵەژانە گشتییەدا ئیمپراتۆرە بەهێزەکان سەریان دەرهێنا تەنیا بۆ ئەوەی کە پووکانەوەی خێرای خۆیان ببینن. . .)

درووست: لە لەم شەڵەژانە گشتییەدا، ئیمپراتۆرییەتی بەهێز پێکهات، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ ئاوابن (لەناوبچن) . . . هتد

٣/ ...wieder in die Finsternis zueruckgeschleudert zu werden...

بەم شێوەیە وەرگێڕاوە: دووبارە بخرێنەوە گۆمی وونبوونەوە.

دروست: دووبارە بۆ ناو تاریکایی پاڵیان پێوە بنرێت.

٤/ Es war eine Revolution....

ئەمە ئەو جۆرە شۆرشە بوو.

دروست: ئەوە شۆڕشێك بوو. . .

٥/ Die Prinzipien verdraegten...

www.kurdistannet.org
26/06/2002 00:38

(ئسوڵەکان یەکتریان بێ ئیعتبار دەکرد)

درووست: پرەنسیپەکان–مبدأ–یەکتریان دەسڕیەوە.

٦/ die Gedankenhelden ueberstuerzten einander mit unerhoerter Hast, und in drei Jahren1842-1845wurde in Deutschland mehr aufgeraeumt als sonst in drei Jahrhunderten.

بە هەڵە: پاڵەوانانی فکری یەکتریان بە توندییەکی بێ وێنەوە دەخستە ژێرەوەو لە سێ ساڵی١٨٤٢–١٨٤٥زیاتر لەوەی کە لە سەردەمەکانی تردا سێ سەدە درێژەی دەکێشا، لە ئەلمانیا پاکسازی کراوە.

درووست: پاڵەوانانی هزر، بە پەلەکردنێکی نەپچڕاوانە، ملهوڕییان لە گەل یەکتر دەکردو لەماوەی سێ ساڵدا١٨٤٢–١٨٤٥، لە ئەلمانیا، پتر پاکسازی کرا لەوەی لە شوێنێکی تر، لە ماوەی ٣٠٠ساڵ پاکسازی بکرێ.

٧/ :um den verfaulungsprozess des absoluten Geistes. Nach Erloeschen des letzten Lebensfunkens…

بە هەڵە: داتەپینی ڕۆحی رەها. بە لەدەستدانی دوا ڕۆشناییەکانی ژیان. . .

درووست: پرۆسەی بۆگەن بوونی ڕۆحی رەها. پاش کوژانەوەی هەناسەی ژیان. . .

لاپەرەی ١٤:

١/ لە بری شێ بوونەوە، هەڵوەشانەوە بەکارهێنراوە. بۆ (Substansen) کەرەستە بەکارهێنراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بابەتەکە فەلسەفییە دەبوایە جەوهەر بەکاربهێنرێت.

٢/ ململانی بۆ (konkurrenz) بەکارهێنراوە، راستییەکەی: کێبرکێ، پێشبرکێ، مونافەسە. . .

٣/بەپێچەوانەی هەموو هەوڵەکان بۆ Trotz aller Muehe. درووست: سەرەڕای هەموو هەوڵەکان.

و زۆر شتی تر لەم لاپەرەیە

بۆ ئاگاری خوێنەران، ئەم کتێبە لە چاپخانەی رەنج لە سلیمانی، ساڵی٢٠٠٠ بلاۆکراوەتەوە

٢٠٠٢/٦/٢٣